ئەمریکا سزای لیوای نەتساح یەهودای سوپای ئیسرائیل دەدات

دوای ئەوەی چەند سەرچاوەیەکی ئەمریکی ئاشکرایان کرد، کە لەوانەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەند رۆژێکی دیکە سزا بەسەر لیوای نەتساح یەهودای سەر بە سوپای ئیسرائیل بسپێنێت، بەهۆی پشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کەرتی رۆژئاوا، بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لەوبارەیەوە هاتە دەنگ.

بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە، "هەر کەسێک وا بیر دەکاتەوە کە توانای هەبێت سزا بەسەر سوپای ئیسرائیل دەسپێنێت، ئەوا ئێمە لەگەیدا دەجەنگین." هەر لەو بارەیەوە نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل باویکردەوە، بینی گانتس ئەندامی حکومەتی جەنگ لەگەڵ ئەنتەنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گفتوگۆی کردوە و داوای لێکردەوە، پەداچونەوە بە بڕیاری سزادانی لیوای نەتساح یەهودا بکات.

پشتریش سوپای ئیسرائیل وتی، "ئاگاداری هیچ سزایەک نین لەلایەن ئەمریکاوە بەسەریدا سپێنرابێت."